کۆتا جار پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم-؛ پەردەکەی لادا وخەڵکی ڕیزیان بەستبوو لە پشتی ئەبوبەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت-

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کۆتا جار سەیری پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم-؛ پەردەکەی لادا وخەڵکی ڕیزیان بەستبوو لە پشتی ئەبوبەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەبوبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە (ئیمامەتی نەکات)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆیان کرد بەوەی وەکو خۆیان بمێننەوە، وپەردەکەی داخست، ولە کۆتایی ئەو ڕۆژە کۆچی دوایی کرد، وڕۆژی دوو شەممە بوو».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

کۆتا جار کە ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- ئەو کاتە بوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەردەی نێوان ژوورەکەی خۆی ومزگەوتەی لابرد وسەیری کرد خەڵکی نوێژ دەکەن لە پشت ئەبو بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، وئەبو بەکر ئاگای لێبوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەیر دەکات وگومانی وا بوو کە دەیەوێت دەربچێت بۆ نوێژکردن، بۆیە ویستی بچێتەوە پاشەوە و لەگەڵ ڕیزەکەدا نوێژ بکات بۆ ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت بۆ خەڵکی پێشنوێژی بکات، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ کردن وفەرمانی پێکردن بەوەی کە لە شوێنی خۆتان بمێننەوە وبەردەوام بن لە نوێژکردن، پاشان جارێکی تر پەردەکەی داخست، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا کۆچی دوایی کرد، کە ڕۆژی دوو شەممە بوو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10976